# سەرەک وەزیرانی پێشووی پاکستان عیمران خان و هاوسەرەکەی بوشرا بیبی بە چواردە ساڵ زیندانی سزادران

ڕۆژنامەی دونی پاکستانی ڕۆژی چوارشەممە ڕایگەیاند کە سەرەک وەزیرانی پێشووی پاکستان عیمران خان و هاوسەرەکەی بوشرا بیبی بە 14 ساڵ زیندانی سزادران لە کەیسێکدا کە پێیوەندی بە فرۆشتنی دیاری دەوڵەتەوە هەیە.

ئەم بڕیارە 24 کاتژمێر دوای ئەوە دێت کە دادگایەکی دیکەی پاکستان سزای 10 ساڵ زیندانی بەسەر عیمران خان و وەزیری دەرەوەی پێشووی وڵاتەکەدا سەپاند، کەیسێک پێیوەندی بەو تەمەتانەوە هەیە کە دەڵێن "عیمران خان ناوێکی نامەی نهێنی بڵاوکردەوە کە باڵێزی وڵاتەکە لە واشنتۆن بە حکومەتی ئیسلام ئاباد ناردوویەتی".

حیزبی عیمران خان، بزوتنەوەی ئینساف، ڕایگەیاند، "دادگایەکی تایبەت هەریەکە لە عیمران خان و شا مەحەممەد قوریشیی وەزیری دەرەوەی پێشووی پاکستان بە 10 ساڵ زیندانی سزادا"، ئاماژەی بەوەشکردووە، "بزووتنەوەی ئینساف بڕیارەکە ڕەت دەکاتەوە".

ساڵی ڕابردوو لە پاکستان چەند مانگێک خەپیشاندانی توندوتیژی کە وڵاتەکەی هەژاند بەدەوچوو، لایەنگرانی عیمران خان توڕە بوون دوای دەستگیرکردنی لە دەسیەی گەندەڵی و خەپشاندەران بە چەند ڕۆژێک هەرشیانکردە سەر دامەزراوە گشتی و سەربازییەکان وڵاتەکە دژی دەستگیرکردنی عیمران خان.